لەپایتەختدا...

129 باخچە و 24 نافورە

پانتایی سەوزایی و نافورەکان سیمایەکی جوان و سەرچاوەیەکی سەرەکی ژینگە پارێزی

ڕاپۆرت/ فاتیح بەرزنجی

یەکێک لەکارو پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیدانە بەپارک و باخچەی شارستانی لەپێناو زیادکردنی پانتایی سەوزو پاک و خاوێن ڕاگرتنی ژینگەی شاری هەولێرە و لەماوەی 4ساڵی ڕابردوودا لەشاری هەولێر و گەڕەکە جیاجیاکانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان زیاتر لە 130پارکی شارستانی دروست بکرێت و گرنگی تەواو بەهەڵمەتی دارچاندن و ناوەندە شەقامەکان دراوە سەبارەت بەگرنگترین کارو پڕۆژەکانی ئەندازەی پارکەکان بۆئەمجارەشیان حەزمانکرد باس لەوکارو پڕۆژانە بکەین هەروەک ئەندازیار نەوزاد ئەدهەم بەرزنجی بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان ڕوونی کردەوە:



ز	ناوی پارک و نافورە	گوژمەی پڕۆژە دینار	شوێن	ڕووبەر (م²)	[illegible]	[illegible]	[illegible]
1	[illegible]	4.500.000.000	[illegible]	80.000	5.000	15.000	[illegible]
2	[illegible]	4.800.000.000	[illegible]	20.000	1.000	5.000	[illegible]
3	[illegible]	5.600.000.000	[illegible]	160.000	8.000	20.000	[illegible]
4	60 [illegible]	9.600.000.000	[illegible]	80.000	3.307	351.033	[illegible]
5	[illegible]	220.000.000	[illegible]	3.200	220	550	[illegible]
6	[illegible] 1	150.000.000	[illegible]	3.200	315	500	[illegible]
7	[illegible] 2	60.000.000	[illegible]	2.000	210	400	[illegible]
8	[illegible]	60.600.000	[illegible]	3.200	210	450	[illegible]
9	[illegible]	120.000.000	[illegible]	5.465	310	600	[illegible]
10	[illegible]	63.580.000	[illegible]	3.461	230	450	[illegible]
11	[illegible] 1	38.780.600	[illegible]	1.000	120	300	[illegible]
12	[illegible] 2	41.569.400	[illegible]	1.200	210	400	[illegible]
13	[illegible]	230.000.000	[illegible]	9.000	400	780	[illegible]
14	[illegible]	104.438.000	[illegible] (145/103)	1.468	560	890	[illegible]
15	[illegible]	126.063.000	[illegible]	2.515	220	430	[illegible]
16	[illegible]	366.553.000	[illegible]	8.000	560	800	[illegible]
17	[illegible]	206.348.012	[illegible]	4.100	200	430	[illegible]
18	[illegible]	124.421.960	[illegible]	875	300	650	[illegible]
19	[illegible]	282.574.200	[illegible]	5.210	230	500	[illegible]
20	[illegible]	316.085.000	[illegible]	9.000	500	780	[illegible]
21	[illegible]	189.777.500	[illegible]	3.550	230	500	[illegible]
22	[illegible]	69.183.000	[illegible]	870	450	870	[illegible]
23	[illegible]	153.189.000	[illegible]	3.600	240	560	[illegible]
24	[illegible]	126.686.500	[illegible]	2.448	200	400	[illegible]
25	[illegible]	179.320.000	[illegible]	6.480	500	670	[illegible]
26	[illegible]	115.345.000	[illegible]	3.400	230	400	[illegible]
27	[illegible]	104.190.000	[illegible]	1.010	600	900	[illegible]
28	[illegible]	198.340.500	[illegible]	4.300	215	500	[illegible]
29	[illegible]	185.561.000	[illegible]	15.945	600	2.000	[illegible]
30	[illegible]	170.844.800	[illegible]	2.937	200	400	[illegible]
31	[illegible]	349.384.500	[illegible]	5.670	450	1.500	[illegible]
32	[illegible]	340.140.000	[illegible]	4.100	250	800	[illegible]
33	[illegible]	193.870.892	[illegible]	3.300	230	500	[illegible]
34	[illegible]	27.529.400	[illegible]	7.400	500	2.000	[illegible]
35	[illegible]	488.780.000	[illegible]	8.970	1.110	3.000	[illegible]
36	[illegible]	134.847.000	[illegible]	2.400	320	650	[illegible]
37	[illegible]	148.161.000	[illegible]	3.300	410	800	[illegible]
38	[illegible]	39.942.000	[illegible]	2.600	210	500	[illegible]
39	[illegible]	168.932.000	[illegible]	3.853	100	2.112	[illegible]
40	[illegible]	161.390.250	[illegible]	4.965	85	1.320	[illegible]
41	[illegible]	189.485.750	[illegible]	3.490	140	4.300	[illegible]
42	[illegible]	163.714.000	[illegible]	2.700	200	2.500	[illegible]
43	[illegible]	86.500.000	[illegible]	720	100	1.500	[illegible]
44	[illegible]	371.147.000	[illegible]	10.250	200	5.500	[illegible]
45	[illegible]	134.103.000	[illegible]	3.360	126	800	[illegible]
46	[illegible]	143.607.500	[illegible]	3.260	162	5.430	[illegible]
47	[illegible]	128.260.000	[illegible]	4.070	200	2.500	[illegible]
48	[illegible]	160.992.000	[illegible]	2.850	330	8.400	[illegible]
49	[illegible]	165.060.000	[illegible]	6.250	88	1.200	[illegible]
50	[illegible]	1.253.123.500	[illegible]	58.000	12.000	100.000	[illegible]
51	[illegible] 1	280.879.500	[illegible]	5.025	250	5.000	[illegible]
52	[illegible] 2	204.870.500	[illegible]	3.775	160	5.000	[illegible]
53	[illegible]	132.520.000	[illegible]	4.480	72	4.200	[illegible]
54	[illegible]	130.475.000	[illegible]	4.200	162	4.500	[illegible]
55	[illegible]	123.054.000	[illegible]	1.880	65	500	[illegible]
56	[illegible]	114.865.000	[illegible]	3.093	172	4.400	[illegible]
57	[illegible]	60.080.000	[illegible]	100			[illegible]
58	[illegible]	58.000.000	[illegible]	75		300	[illegible]
59	[illegible]	90.120.000	[illegible]	2.010		500	[illegible]
60	[illegible]	180.298.800	[illegible]	910	320	650	[illegible]
61	[illegible]	37.595.000	[illegible]	160		1.500	[illegible]
62	[illegible]	138.484.500	[illegible]	1.060	50	2.000	[illegible]
63	[illegible]	214.078.000	[illegible]	1.420	150	1.850	[illegible]
64	[illegible]	210.000.000	[illegible]	3.100	200	470	[illegible]
65	[illegible]	276.315.000	[illegible]	5.000	300	650	[illegible]
66	[illegible]	172.808.480	[illegible]	10.200	450	900	[illegible]
67	[illegible]	198.647.500	[illegible]	10.000	255	1.200	[illegible]
68	[illegible]	147.762.500	[illegible]	5.450	150	2.700	[illegible]
69	[illegible]	146.380.000	[illegible]	5.162	100	800	[illegible]
	کۆی گشتی	36.268.852.044		655.998			

تێبینی: ئەم ئامارەی سەرەوە بەشێکە لە کۆی گشتی پڕۆژەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەندازەی پارکەکان

پانتایە سەوزەکان سییەکانی شارن

بۆ ئەوەی سیمای شاری هەولێر شارستانی تربێت و پانتایی سەوز زیاتر بێت وەک بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان هەوڵمانداوە باخچەی شارستانی لەدەیان گەڕەکی ئەو شارە دروست بکەین بۆئەوەی هاووڵاتیان لەناو شاری هەولێر و لەگەڕەکەکەی خۆیاندا شوێنی حەسانەوەیان هەبێت بۆبەسەر بردنی کاتێکی خۆش و بەختەوەر هەربۆ پیشاندانی سیمای گەشی قەڵا هەوڵمانداوە ئەو ڕووبەرەی کە دەکەوێتە نێوان قەڵای هەولێرو شەقامی 60مەتری پانتاییەکی سەوز دروست بکرێت وەک باغی شارو ئەو پارکەی کە ئێستا لەلایەن کۆمپانیای تاشیاپی دروست دەکرێت وەک پارکی سەنتەر و باخچەی گڵکەند ئەویش دیزایینی بۆ کراوە بۆئەوەی نوێ بکرێتەوە لەگەڵ پارکی میدیاو ناوەندە شەقامەکان و پارکی منارە و فراوانکردنی ئەو پارکە لەکۆنە(مستودی) پارکی شانەدەر و قۆناغی یەکەم و دووەمی و دارستانی کوران هەرهەموویان کۆی گشتی دەگاتە 600 هەزار مەتر دووجا سەوزاییە لەناو شەقامی 60 مەتری ئەو هەنگاوانەش گۆڕانکاریەکی لەڕادەبەدەرە لەپایتەخت و هەموو ئەوکارو پڕۆژانە بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت بەڵکو هەوڵ و کۆشش وماندووبوونی دەوێت و ڕێژەی سەوزایی لەشاری هەولێر بەوکارو پڕۆژەانە زۆر زیادی کردووە و هەوڵیشمان داوە لەدەوروبەری شاری هەولێریش بشتێنەی سەوز دروست بکەین و لەبەرنامەی ئێمەدایەو بۆئایندە و بۆ ساڵی داهاتوو گەربوودجەیی زیاترمان بۆ دابین بکرێت هەوڵی زیاتر کردنی پانتایی سەوز دەدەین.

نافوورەکان

سەرچاوەیەکی سەرەکی جوانکردن و فێنگ کردنەوەی هەوای شارن.

دواتر ئەندازیار نەوزاد ئەدهەم بەرزنجی بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان سەبارەت بەنافورەکان گوتی: لەساڵانی ڕابردوودا هەرگیز گرنگی بەنافورە نەدراوە وئەو نافورانەی کە لەشاری هەولێر هەبوون لەپەنجەی دەست کەمتر بوون جگە لەوەش بەرلەدروست بوونی ئەندازەی پارکەکان نەک هەر نافورە کەم بوو بەڵکو پارک و باخچەش کەم بوو، ئێستا ڕۆژلەدوای ڕۆژ ژمارەی پارکەکان لەشاری هەولێر روو لەزیاد بوونە و پانتایی سەوز زۆر زیادی کردووە و لەزۆربەی گەڕەکەکان پارکی شارستانی دروست کراوە لەگەڵ دروست کردنی نافورەی رازاوەو قەشەنگ لەشار هەولێر و ژمارەی نافورەکان گەیشتۆتە 24 نافورە لەبەر ئەوەی شاری هەولێر وشکانیە واتە هیچ ڕووبارو زێ و دەریاچەیەکی تێدا نییە بۆیە یەکێک لە سیماکانی ئاوەدانکردنەوەو جوانکردنی پایتەخت بە دروست کردنی نافورە لە شەقامە سەرەکییەکان و چوارڕیانەکان و لە ماوەی ئەو 4 ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر نافورە بە دیزاینی جۆراو جۆر لە شاری هەولێر دروست کراوەو ئەو نافورانەش جوانیەکی لە ڕادەبەدەر بەو شارە پیشان دەدەن و سەرنجی ڕاکێشەن و لە پلانی داهاتووشدا بڕیار وایە ژمارەیەکی دیکەی نافورە دروست بکرێت وەک دروست کردنی نافورەیەک لە چوار ڕیانی هەولێر عەنکاوەو نافورەیەکی دیکە لە سێڕیانی دارەتوو لەگەڵ دروست کردنی نافورەیەک لە چوارڕیانی شەقامی تاران لە نزیک پارکی شانەدەرو دروست کردنی نافورە لە پارکی ئەڤین کە دەکەوێتە شەقامی هەولێر - کۆیە و دروست کردنی نافورە لە پارکی کانیاو دروست کردنی نافورە لە چوارڕیانی گازینۆی عەنتەرو هەندێک لەو نافورانە کاریان بۆ کراوەو هەندێکی دیکەشیان لە بەرنامەدایە کاریان بۆ بکرێت.

ئێستا ڕۆژلەدوای ڕۆژ ژمارەی پارکەکان لەشاری هەولێر روو لەزیاد بوونە و پانتایی سەوز زۆر زیادی کردووە و لەزۆربەی گەڕەکەکان پارکی شارستانی دروست کراوە

www.parks-hawler.net